عێراق داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر بە پێشێلکارییەکانی ئیسرائیل

فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە داوای لە ئەڵمانیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر بە پێشێلکارییەکانی ئیسرائیل.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوە دا هاتووە : ئەمڕۆ شەممە ، فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەلایەن وەزیری دەرەوەی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا، یۆهان وادیفۆلەوە پێگەیشت، لەو ماوەیەدا گفتوگۆیان لەسەر دوایین پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاستەنگە ئەمنییەکان کرد کە ڕووبەڕووی ناوچەکە بوونەتەوە، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنی ناوچەکەدا.

ئاماژە بەوەشکراوە : پەیوەندییەکە شایەتحاڵی ئاڵوگۆڕی بیروڕا و زانیارییە سەبارەت بە دۆخی ئێستا، لەگەڵ ئەوەی وەزیری ئەڵمانیا و پا بەندبوونی وڵاتەکەی بە پشتیوانیکردن لە ئاسایش و سەقامگیری عێراق دووپاتکردووەتەوە، جەختیشیکردووەتەوە پێویستی دوورخستنەوەی عێراق لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی یان کاردانەوەی ئەگەری ململانێکان.

ڕوونیشیکردەوە : ئەڵمانیا لەگەڵ هاوبەشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی کاردەکات بۆ ئەوەی عێراق

نەکێشێتە ناو بازنەی توندوتیژی، ئاماژەی بەوەشکرد ئەمە ئاسایش و سەقامگیریمان دەوێت بۆ عێراق.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە : حسێن و وادیفۆل جەختیان لە گرنگی درێژەدان بە پرۆسەی دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا و هەروەها لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپایی سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران کردەوە، وەك هەنگاوێکی بنەڕەتی بەرەو کەمکردنەوەی گرژییەکان.

جەختی لەوە کردەوە : کە وەزیری دەرەوە سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەڵوەستی ڕوون و پاڵپشتیکارانەی ئەڵمانیا بەرامبەر عێراق دەربڕی، هاوکات لە هەمان کاتدا هۆشداریدا لە پێشێلکارییە دووبارەبووەکانی زایۆنیستەکان بە سەر ئاسمانی عێراق، کە پێشێلکارییەکی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکان و سەروەری نیشتمانی پێکدەهێنن، داوای لە ئەڵمانیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد هەڵوەستێکی پتەوی بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە بگرنەبەر.